# چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی مردوو

[ kurdish – کوردی – كردي ]


شێخ عبد العزیز بن باز



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# كيفية الصلاة على الجنازة

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمه: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی مردوو

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبدالعزیز بن باز کراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

وەڵام : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

بۆ ئەنجامدانی نوێژی مردوو سەرەتا دەبێت دەست نوێژ هەڵبگیرێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) ناوی ناوە نوێژ، لە ڕاستیدا نوێژە لەبەر ئەوەی بە (اللە أکبر) دەست پێ دەکات، و لەکۆتاییشەوە بەسەلام دانەوە دوای دێت، لە بەر ئەوە واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە دەیەویت ئەم نوێژە ئەنجام بدات دەست نوێژی هەبێت، وە واجبە سورەتی (الفاتحة) بخوینێت، وە نزا و پاڕانەوەش بۆ مردووەکە، وە صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم)، کەواتە بە مانای ووشە نوێژکردنە، بۆیە هەرکەسێك بە بێ دەست نوێژ ئەم نوێژە

بکات نویژەکەی دروست نییە، ئەوەشی لەم نوێژەدا ڕێگا پێدراوە و تێیدا ئەنجام دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

یەکەم /یەکەمجار (اللە أکبر) دەکات، وپاشان سورەتی (الفاتحة) وئەوەی بۆی کرا لە قورئان دەخوێنێت.

دووەك / ئەمجا (اللە أکبر) ی دووەم دەکات وصەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) دەدات، وەك ئەو صەڵاواتەی کە لە تەحیاتی نوێژدا دەدرێت، کە بە صەڵاواتی ئیبراهیمی ناسراوە، ئەمەش شێوەکەیەتی ( اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد، کما صلیت علی إبراهیم وعلی آل إبراهیم، إنك حمید مجید، اللهم بارك علی محمد وعلی آل محمد، کما بارکت علی إبراهیم وعلی آل إبراهیم أنك حمید مجید ) .

سێهەم /ئەمجا (اللە أکبر) ی سێهەم دەکات، ونزا وپاڕانەوەی بۆ دەکات و دەڵێت : ( اللهم اغفر لحیینا ومیتنا، وشاهدناوغائبنا، وصغیرنا وکبیرنا، وذکرنا وأنثانا، اللهم من أحییتە منا فأحییە علی الاسلام، ومن توفیتە منا فتوفە علی الإیمان، اللهم اغفر لە، وارحمە، وعافە، واعف عنە، وأکرم نزلە، ووسع مدخلە، واغسلە

بالثلج والماء والبرد، ونقه من الخطايا كما ينقى الثوب الابيض من الدنس، اللهم أبدله دارا خيرا من داره، وأهلا خيرا من أهله، وأدخله الجنة، وأعذه من عذاب القبر، وعذاب النار، وافسح له في قبره، ونور له فيه، اللهم لا تحرمنا أجره ولا تضلنا بعده ) .

چوارەم / ئەمجا (الله أكبر) ی چوارەم دەكات، وتەنها سەلامێك دەداتەوە بەلای ڕاستیدا.

ئەوەش بزانە سوننەتە لەگەڵ هەموو ( الله أكبر) ێكدا دەستەكانی بەرز بكاتەوە، خۆ ئەگەر مردووەكە ئافرەت بوو ئەوە دەبێت بڵێ ( اللهم اغفر لها ...) وە ئەگەر مردووەكان دووان بوون دەبێت بڵێ : ( اللهم اغفر لهما ...) وە ئەگەر مردووەكان لە دووان زیاتر بوون دەبێت بڵێ: ( اللهم اغفر لهم ...) بەڵام ئەگەر مردووەكە منداڵ بوو، یان باڵغ نەبوو بوو لەبری ئەوەی دوعا ونزای بۆ بكرێت دەڵێت: ( اللهم اجعله فرطا وذخرا لوالديه، وشفيعا مجابا، اللهم ثقل به موازينهما، واعظم به أجورهما، وألحقه بصالح سلف المؤمنين، واجعله فى كفالة إبراهيم عليه الصلاة والسلام، وقه برحمتك عذاب الجحيم ) .

وە سوننەت وایە ئەگەر مردووەکە پیاو بوو ئیمام لە لای سەرەیەوە بوەستێت، وە ئەگەر ئافرەتیش بوو لە لای ناوەڕستیەوە بوەستێت، وە ئەگەر هاتوو نوێژ لەسەر چەند مردووەیەك کرا ئەوە مردووەکان ڕیز دەکرێن و ئەو مردووەی کە دەکەوێتە بەردەم ئیمامەکە دەبێت پیاو بێت، وە ئەگەر مردووەکان ئافرەتیشیان لەگەڵ بوو، دەبێت تەرمی ئافرەتەکان لە ڕووی قیبلەوە بن نەك بەردەمی ئیمام، خۆ ئەگەر منالّیشیان لەگەڵ بوو، ئەو کاتە یەکەم جار تەرمی پیاوەکان ڕیز دەکرێن پاشان تەرمی منالّەکان، ئەگەر منالەکانیش کچ و کوڕیان تێدا بوو، تەرمی کورەکان لە پێش تەرمی کچەکانەوە دادەنرێت، ئەمجا تەرمی ئافرەتەکان،وەك ووتمان ئافرەتەکان دەبیت لەڕووی قیبلەوە بن، وە دەبێت سەری ئەو منالانە لە ئاستی سەری پیاوەکاندا بن، وە ناوەندی تەرمی ئافرەتەکان لە ئاستی سەری پیاوەکاندا بێت، بە هەمان شێوە سەری کچە منالەکانیش لە ئاست سەری ئافرەتەکاندا بن، بە شێوەیەك ناوەندی لاشەیان لە ئاستی سەری تەرمی پیاوەکاندا بێت، وە دەبێت نوێژ خوێنەکانیش لە پشتی ئیمامەکەوە بوەستن، خۆ ئەگەر هاتوو کەسێك لە پشتی

ئیمامەکەوە جێگای نەبوو، ئەوا دەکرێت لە لای ڕاستیەوە بوەستیت بۆ نوێژکردن..

خوای گەورە لە گوناهی هەموو لایەك خۆش بێت.

سەرچاوە: سایتی شێخی پایە بەرز عبد العزیز بن باز رەحمەتی خوای لێ بێت www.binbaz.org